ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# چیرۆکی قورئان ... چیرۆك بۆ ژیان

فازڵ قەرەداغی

تێبینی:

یەکەم: بابەتەکە لەسەر داوای هەفتەنامەی (چاودێر) نووسراوە وەك ئەڵقەیەکی تەوەرەیەك لەسەر چیرۆکەکانی قورئان: ژمارە 140 لە 2007/8/20، ل 18و 19.

دووەم: ناونیشانە ئەسڵییەکەی ئەم باسە بەو جۆرەی سەرەوەیە، واتا: چیرۆکی قورئان.. چیرۆك بۆ ژیان، بەڵام هەفتەنامەکە ناونیشانەکەی گۆڕیبوو و کردبووی بە: ((فازڵ قەرەداغی: چیرۆکی قورئان نموونەیەکە بۆ ژیان، بەڵام زۆر لە چیرۆکەکانی واعیزەکان، دەتبەنە دەرەوەی ژیان)). ئەم کارەش جگەلەوەی بێ پرس کردن بە نووسەر کراوە هەروەها گۆڕینی ناونیشانە بەو شێوەیەی تەرکیز لەسەر ئەو شتەی هەفتەنامەکە مەبەستێتی ئەویش ڕەخنەگرتنە لە واعیزەکان. هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەو ڕستەیەیان هەڵبژاردووە کە هەمان واتای هەیە بەڵام تەنها یەکێکە لە تەوەرەکانی بابەتەکە.

* * * * *

کێ دەتوانێت لەبارەی چیرۆکەکانی قورئانەوە بدوێت؟

باسکردنی چیرۆکە قورئانییەکان نەك تەنها پێویستی بە زانیاری زمانەوانییو مێژوویی هەیە، بەڵکو لەوە زیاتر پێویستی بە کەسێکە چەندین جار قورئانی خوێندبێتەوە، لەگەڵیدا ژیابێتو لەگەڵ باسەکانیدا ئینفعالی کردبێت. بۆیە لێکۆڵینەوە نین ئەو نووسینانەی پێڕستی وشەکانی قورئان هەڵدەدەنەوە بۆ دۆزینەوە ئایەتی مەبەست، ئایەتەکان بەو شێوەیە دەدۆزنەوە، ئینجا لەشوێنی خۆیان هەڵیاندەکەنن بۆ ئەوەی تۆرەی نەزانی لەزمانی عەرەبیی ئەو سەردەمە بێتو بڵێ من کاریان لەسەر دەکەم، نەزانینیش لە تەفسیرو فەرموودەو لەسەرجەم گیانی ئیسلام بڵێت چاوەڕێم بکە بەشی منیش هەیە.

## چیرۆکی قورئانو چیرۆکی حیکایەتخوان

چیرۆکی قورئان دوو وەزیفەی هەیە: مەبەستەکانی قورئان بە نموونەی بەرجەستە ڕوونتر بکاتەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی کاریگەریی گێڕانەوە لەسەر عەقڵو دەروونی مرۆڤ.

لەو چیرۆکانەدا کەسانێکی وەکو خۆت دەبینی، کەسانێك ڕۆژێك وەکو تۆ لەسەر ئەم زەوییەدا ژیابوون، کەسانێك دەهاتنو دەچوون، پێدەکەنینو دەگریان، حەزیان هەبوو و بوغز، چیرۆکیش تەواو دەبێتو لەکۆتاییدا چەند وێنەیەکە لەمێشکدا دەمێننەوە، زەقتر لە فەرمانەکانو ڕێنماییەکان دەمێننەوە.

جیاوازی چییە لەنێوان چیرۆکەکانی قورئانو ئەو چیرۆکانەی زۆر لە مەلاو واعیزەکان دەیانگێڕنەوە؟

چیرۆکی قورئان نموونەیەکە بۆ ژیان، بەڵام زۆر لە چیرۆکەکانی واعیزەکان دەتبەنە دەرەوەی ژیان، نموونەیەکت پێ دەڵێن ناتوانی دووبارەیان بکەیتەوە. چیرۆکی قورئان دەیەوێت سوود لە ئەزموونی ئەوانی پێش خۆت وەربگری، بەڵام حیکایەتخوان تەنها سەرسوڕمانی لە تۆ دەوێت.

واعیزە نەزانەکان بەزۆری دوو جۆر چیرۆکیان لایە: چیرۆکی شتو ڕوداوە سەیرەکانو چیرۆکی نموونەی مرۆڤە سەیرەکان. هیچیش لەمانە توانای بەرجەستەبوونی لەژیانی ڕۆژانەی بیسەراندا نییە، بۆ نموونە کەسێك چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمەیە بەکورتیو پاش لابردنی ترشو خوێکەی کە پێی ناخەڵەتێن: ((پیاوێکی خواناس هەبوو تەماشای ئافرەتێکی کرد،

کاتێکیش هەستی بەو تاوانە((گەورەیە)) کرد بە پەنجەی خۆی چاوێکی خۆی دەرهێنا)). بیسەر نارەزایی دەربابڕێت بەڵکو سەرسوڕمان، بەڵام بیسەری سەرسام ناتوانێت چاوێکی خۆی دەربهێنێت، کەواتە بیسەر پێویستە لەئاست ئەو ((خواناسییە)) ئیفلیج بێت. ئەوی موسڵمانی سادە کەسێکی خراپە، تاوانبارە، ناگاتە قوڵەپێی نموونە بەرزەکان. بیسەر دەبێتە مرۆڤێکی ئیفلیج، تەنانەت عەقڵیشی ئیفلیج دەبێت چونکە ناپرسێت چۆن بۆ گوناهێکی وا بچووك مرۆڤ سزایەکی وا گەورەی خۆی بدات، ئەگەر بشپرسێت نازانێت کە مرۆڤ بۆی نییە زیان بە لاشەی خۆی بگەیەنێت ئەگەر بۆ سڕینەوەی گوناهەکانیشی بێت.

جگەلە ئیفلیجیو بێدەسەڵاتی ئەو چیرۆکانە ڕەشبینیشیان بەدواوەیە، بەڵام چیرۆکەکانی قورئان تەرکیز لەسەر ئەوە دەکەن کە کەس لە ڕەحمەتی خودا بێهیوا نەبێت، بەڵکو وەکو یەعقووبی پێغەمبەر پاش ساڵانێکی زۆری ونبوونی یوسفی خۆشەویستیو پاش گیرانی بنیامینی برای یوسف بە کوڕەکانی دەڵێت بگەڕێن بەدوایانداو ((لە ڕەحمەتی خوا بێهیوا مەبن چونکە تەنها بێباوەڕان بێهیوان لە ڕەحمەتی خوا–یوسف:87)). پرسیاریش دوای ئەوە زیادەیە چونکە ئەنجام دیارە: چیرۆکە هەڵبەستراوەکان کە زۆر لە واعیزو مەلا نەزانەکان مێشکی میللەتیان پێ تێکداوە چیرۆکن بۆ سەرسوڕمانو دابڕانی مرۆڤ لە نموونە ((بەرزەکان))، کە پاش لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت بەرز نین چونکە هەڵبەستن، ئەگەر هەشبووبن موبالەغەی دۆستان بوو ئەو وێنەیەیان پێبەخشیبوون، ئەگەر هەشبووبنو بەڕاستی وا بووبن قورئانو سوننەت ئیمزای خۆیان ناخەنە سەر ئەو کردارو ژیانە سەیرانە. چیرۆکەکانی قورئان (فەرموودە صەحیحەکانیش هەروا) شتێکی ترن، ئەوانە هانی مرۆڤ دەدەن بۆ نزیکبوونەوە لە نموونە بەرزەکان، کە نموونەی بەرزنو واقعینو بەڕاستیش هەبوون.

## چیرۆك بۆ کارکردن

گرنگیی کارکردن یەکێکە لە وانەکانی چیرۆکی ئادەمو حەووا. زانراوە کە ئادەم بەری ئەو درەختەی خوارد کە خودا لەسەری قەدەغە کردبوو لێی بخوات. قورئان وا باسی دەکات، تەوراتیش گوناهەکە دەداتە پاڵ حەووا، حەوواش دەیداتە پاڵ مارەکە، تەورات عەزابو نارەحەتی دەکاتە بەشی ئادەمو حەووا، لەعنەتیش لە مارەکە دەکات. لەو چیرۆکەشەوە ئافرەت لە فیکری کەنیسەدا تاوانبارێکی هەمیشەییە.

قورئان تاوانی خواردنی بەری درەختەکە دەخاتە پاڵ هەردوو مرۆڤەکە" ئادەمو حەووا (فأكلا منها)، زۆر جاریش ئادەم تاکە تاوانبارە (فعصى ادم ربه فغوى)، هەرچەندە دەکرێت ئەم تاککردنە بەپێی ئەو بنەما زمانەوانییە بێت کە باسەکە بۆ یەك کەس بێتو مەبەست لێی کەسانی تریشە، وەك چۆن زۆر لە فەرمانەکانی قورئان شێوازی نێرینەی بەکارهێناوە بەڵام مەبەست لێی هەردوو نێرو مێییە.

درەختەکە چی بووە؟ قورئان باسی نەکردووە چونکە هیچ لە وەزع ناگۆڕێت. دەڵێن سێو بووەو دەڵێن گەنم بووە.. هەرچییەکیش دەڵێن قسەی خۆیانە، گرنگ ئەوەیە درەختێك بووەو گرنگ وانەکەیە. شەیتان تەماعێکی خستە بەر ئادەم: ((ئەی ئادەم درەختێکت پێ بڵێم ئەگەر لێی بخویت نەمر دەبیتو موڵکێکت دەستگیر دەبێت تیاچوون نەزانێت؟ تاها:120). بەڵێ کێ نایەوێت؟ شەیتان پەنجەی خستە سەر حەزێکی گەورە، بەڵکو گەورەترین حەزی مرۆڤ: نەمری، نەمرییەکی نادیاریش نا، نەمری لەناو خۆشییەکی نەبڕاوە. ئادەم حەزی کردو لە درەختەکەی خوارد، ئەنجامیش پێچەوانەی پێشبینی بوو" ئەنجام ئابرووچوون بوو لای خاوەنی نیعمەتەکە، ئابرووچوونێك بوو بێ دەستکەوتنی نەمریو موڵکی نەبڕاوە.

وانەکە زۆر لە ناسینی جۆری درەختەکە گەورەترە: نەمریو خۆشیی هەتاییت دەوێ؟ کاری بۆ بکە، دەنا بەتەنیا خواردنی بەری درەختێك ئەوە ناهێنێتە دەستت. با بزانین چۆن تێنەگەیشتن لەو چیرۆکە، کارنەکردنیش بەپێی ئەو چیرۆکە ئیفلیجیی بەدواوە بوو.

کاتێك نەوەی یەکەمی ئیسلام ئاینەکەیان وەرگرت زانیبیان پێویستیان بە دوو شتە بۆ تا لە بەهەشتێکی هەتاهەتاییدا نەمری بەدەست بهێنن: باوەڕی پوخت لەگەڵ کاری چاکە. کەس لەوانە بەتەما نەبوو تەنیا شتێکی وەك ناسینی پێغەمبەر ئەوەی بداتێ. سەردەم سەردەمی هیممەتو کارکردنو خۆماندووکردن بوو. بەڵام خەڵك دوایی لە ئیسلام دوورکەوتنەوە بۆیە لەجیاتی کۆشش فیکرەیەکی سەیر دروست بوو: ئەگەر بڕوات بە فلانە شێخ هەبێت ڕزگارت بووە، باوەڕی پێ بێنەو لەقیامەتدا خۆت لەژێر ئاڵاکەیدا دەبینیتەوە. لەتیوونێکیش لەناو دەروونو عەقڵی موسڵماناندا دروست بوو: پیاوچاکەکان ئەو نموونە بەرزانەن کە مرۆڤی سادە مەگەر تەنها خەون بەوە ببینێت سەگی بەردەرگایان بێت. جگەلەو پیاوچاکانەش خودی پێغەمبەر وا تەماشا کرا: ئەوسا ئەوانەی لەگەڵ پێغەمبەردا بوون هاوڕێی بوون، ئەی ئەوانەی دوای ئەو هاوڕێیانە دێنە دنیا؟ پێغەمبەر دەڵێت ئەوانەی دوای ئەو و ئەوان دێنو بێئەوەی بینیبێتیان باوەڕی پێدەهێنن هاوڕێی نین بەڵکو براین. باسەکە وا هاتو وا دەڕۆشت تا گەیشتە زەمانێکی درەنگ، زەمانی نەزانی کە تێیدا شاعیرانو مەولوودنامەخوێنان کەوتنە هاوار لە پێغەمبەر بە سەگی بەردەگای خۆی قبووڵیان بکات.

لەنێوان هاوڕێتیو برایەتی لەگەڵ پێغەمبەرو بوون بە سەگی بەردەرگای ئەو پێغەمبەرە دەریایەك هەیە، ڕەنگە ئێستاش هۆیەکی شکستی کەسێتیی موسڵمان بزانین: لەجیاتی هیممەتو کۆشش (هەوڵدان بۆ دەستکەوتنی نەمری لەڕێگەی باوەڕو کرداری چاکە) تەمبەڵیو پشتبەستن بە چارەسەری سیحری (شێخەکان، هاوارکردن بۆ پێغەمبەر..تاد)، بەکورتی: ڕێگەی ئاسان.. ژەمێك لە بەری درەختێك. بیرکردنەوە لە چارەسەری سیحری تەنانەت لە کاروباری دنیاییشدا پەیدا بوو: زۆر کەس بەمجۆرە بیر لە دەوڵەمەندی یان ڕزگاربوون لە هەژاری دەکەنەوە: دەستکەوتنی کووپەڵەیەکی ئاڵتوون، لەویش ((واقعیتر)) سەفقەیەکی سەیری بازاڕ بێتە ڕێگەیان وەکو ڕێوییەکەی بەر ڕێگە... ئەی کارکردنو ئارەق ڕشتنو بەکارهێنانی عەقڵ؟ ئەوە ڕێگە هەرە دوورەکەیە.

چیرۆکی (ذو القرنين) لە قورئاندا وانەیەکی دیکەیە بۆ گرنگیی کارکردن. ئەو کەسە کێ بووە؟ ئایا پێغەمبەر بووە یان تەنها پادشا؟ کەی ژیاوە؟ چەند پرسیارێکن لە مەبەستی چیرۆکەکە دوورمان دەخەنەوە. ڕەنگە بەهۆی بەڵگەنامە مێژوویيو شوێنەوارییەکانەوە لە دواڕۆژێکی نزیك یان دووردا ئەوانە ئاشکرا بن، بەڵام تا ئەوانە دەزانرێن چی لەو چیرۆکە بکەین؟ (ذو القرنين) پادشایەکی زۆر بەهێز دەبێت، دەگاتە یەکێك لە شوێنەکانو خەڵکی ئەو شوێنە، کە قورئان لەبارەیانەوە دەڵێت بەحاڵ لە قسە تێدەگەیشتن، سکاڵای لا دەکەن: یەئجووجو مەئجووج خراپەکارن، باجت دەدەینێ بەو مەرجەی دیوارێکمان لەنێوان ئەم دوو کێوەدا بۆ دروست بکەی، بەربەستێك بێت ئێمە لەو دوو تیرە بەدکارە جیابکاتەوە. (ذو القرنين) باجەکە قبووڵ ناکاتو دەڵێت: لەجیاتی ئەوە بەهێزی بازووتان کۆمەکم بکەن (فاعينوني بقوة)، ئەنجامیش بە بیرکردنەوەی خۆیو بە بازووی ئەو خەڵکە دیوارێکی بەرزی هەڵسایە سەر پێ. دیوارەکە خراپەکارانی دوورخستەوەو خەڵکی ئەو شوێنە فێری کارکردن بوون. ئەو پیاوە ئەو میللەتەی فێر کرد، ئەو میللەتەی بەحاڵ لە قسە تێدەگەیشت، ئەو میللەتە گێژە.. فێری کارکردنی کردن.

## بەشی ((زانست)) لەو چیرۆکانەدا هەیە؟

کەواتە چیرۆکەکان وانەی ژیانن، ژیانی دەروونو دڵن، بەڵام پاش ئەوانە ((زانست)) دوورەپەرێز ناوەستێت (وشەی زانست هەڵەیە چونکە زانست لە ئیسلامدا تەنها زانستی سروشت نییە، بەناچاریش ئەم وشەیەم بەکار هێنا). وەك وتم زەمەن بەڵگەی مێژوویيو شوێنەواری بۆ ئەو چیرۆکانە ئاشکرا دەکات، بەڵام تا ئەو کاتە مرۆڤ چی بکات؟ کەواتە سەرەتا سوودوەرگرتنە لە چیرۆکەکان بۆ ژیان، دواییش هەر دەستکەوتێکی زانستی دەستکەوتە بۆ چیرۆکەکە. قورئان باسی چەند میللەتێکی کردووە کە باوەڕیان بە پێغەمبەری خۆیان نەهێنابوو و ئەنجام تیاچوونیان بوو، وەسفی تیاچوونەکەش بە چەند

شێوەیەکە: لەرزە، هاوار، بروسکە.. قورئـان بناغەیـەك بـۆ زانسـتی شوێنەوارناسـی دادەنێت کاتێـك فـەرمان دەدات خـەڵکی بەزەویدا بگەڕێن بۆ زانینی ئاکامی بێباوەڕان: ((قل سيروا في الارض فانظروا كيف كان عاقبة المجـرمين–النمـل:69)). خـەڵکی تر گەڕانو چەند شوێنێکیان دۆزییەوە، کارەساتێکی کتـوپڕی چـەند شـارێکیان بـینی. نموونەیـەکی دیـار شارسـتانییەتەکەی (موهنجو دارو) لە دۆڵی (سند)ی هەزاری سێیەمی پێش زاینـە. شـارەکە سـووتا، سـووتانەکەش کتـوپڕ بـوو چـونکە خەڵکەکـە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەبـردە سـەر.. وەسـفێکە بـۆ هەنـدێ سـزای نـاو چـیرۆکەکانی قورئـان. لـە دوورگـەی (کریـت)یشـدا لـە ناوەڕاستی هەزاری دووەمی پێش زاین شارەکان تووشی کارەساتی گەورە ببوون. یـەك لـە شـارە گرنگـەکان (کنۆسـۆس) بـوو کە وەکو ئەو شارانەی قورئان باسیان دەکات زۆر بەهێزو دەوڵەمەند بوو، بەڵام هەروەکو ئـەو شـارانە لـە ماوەیـەکی زۆر کەمـدا تیاچوو. شارەکە کتوپڕ سووتاو بەڵگەی زۆر هـەن کـە هونەرمەنـدانو پیشـەوەران لـەو کاتـەی خـەریکی کـاری خۆیـان بـوون تیاچوون.ئەوەی سەیریشە ئەوەیە کانزاکانی ناو کۆشکی شارەکە دیارنەمابوون تەنانـەت لـەو شـوێنانەش کـە بـەهۆی تـەپینی دیوارەکانـەوە نەسـووتابوون (بڕوانـە چـیرۆکی شارسـتانیەتی وڵ دیورانـت، بەشـی یەکـەمی بـەرگی دووەم). جـارێکی تـریش کتوپڕیی ئەو کارەساتە زۆر لەو سزایانە لە قورئاندا باسکراون نزیکە.

کەواتە بوارێکی تر بۆ عەقڵ کرایەوە، با ئێمەی مرۆڤیش بەزەویدا بگەڕێین، قورئان تەنانەت پێمان دەڵێت بەزەویدا بگـەڕێین تـا بزانین دروستکراوەکان چۆن پەیدا ببوون، ئاسمان، زەوی، تەنانەت بوونەوەرە زیندووەکانیش، تەنانـەت مـرۆڤیش. ئایەتەکـە وشەی گشتیی (خلق) بەکاردەهێنێت کە زیندەوەرانیش دەگرێتەوە: ((قُل سـيروا في الأرض فـانظروا كيـفَ بـدأ الخلـق ثـم الله ينشئُ النشأة... العنكبـوت:20))، بـەڵکو شـوێنی زینـدەوەران دیـارترە چـونکە هـەمان ئایـەت باسـی دروسـتبوونەوە دووەم دەکات، کە لەقیامەتدایە، کە دروستبوونەوەی لەشی مرۆڤـە: (( ثـم الله ينشـئُ النشـأة الآخـرةَ إنَّ الله علـى كـل شـيءٍ قـدير)). ((دروستبوون)) چیرۆکی گەورەی گەردوونە.

## نووحو کەشتییەکەی

تەورات باسی کەشتییەکە دەکات کە لەسەر کێوەکانی (ئارارات)دا نیشت، بەڵام قورئان دەڵێت ناوی کێوەکە (جـوودی) بـوو، مێژوو و شوێنەواریش دووەمیان پەسەند دەکات، کوردستانیش لەگەڵ ئەو پەسەندکردنەدا بەرز دەبێتەوە.

زانراوە زمانی عەرەبی دەنگی (گ)ی تێدا نییەو بۆ تەعبیرکردن لێی دەنگی (ج) بەکاردەهێنرێت. کەواتە بـۆی هەیـە کێوەکـە (گوودی) بووبێت کە ئەمە لەناوی گوتی (گوتییەکانی)ـەوە نزیکە. تا ئێستا تەنها قسەیە بەڵام مێژوو لـە قسـە زیـاتری پێیـە. پادشای ئاشووری ئاشورناصـیرپالی دووەم سـاڵی (881) دەچـێتە ناوچـەی کێـوی پیرەمـەگروونو بـە کێـوی (نیصـیر) نـاوی دەباتو دەڵێت خەڵکی زاموا، یان لوللوبییەکان، پێی دەڵێن (کینیپا). نیصیریش (بـە ئەکـەدی واتـا: ڕزگـاربوون) ئـەو کێوەیـە کـە کەشـتییەکە پـاش لافاوەکـە لەسـەریدا نیشـت هـەروەك لـە داسـتانی گیلگامێشـدا باسـکراوە. کەواتـە پادشـای ئاشـوری بەدڵنیاییەوە دەڵێت پیرەمەگروون کێوی کەشتییەکەیە، دیارە ئەوە زانیـاریی ئـەو سـەردەمە بـووە، لـەوەش زیـاتر لیسـتێکی جوگرافیی سەردەمی ئاشوری دەڵێت کێوی نیصیر لە وڵاتی گوتییەکاندایە (بۆ ئەمانە بڕوانە کتێبەکەم: مێژووی گـەلی لوللـو)، زاراوەی (گوتی)ش زۆر جار بۆ وەسفی ئەو ناوچە فراوانە بەکاردەهات کـە کـەوتبووە بەشـێکی گـەورەی کوردسـتانی ئـەمڕۆی عیراق (دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەو کێوەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت (جوودی)ولـە بـاکووری زاخۆدایـە کـاتی ئاشـورییەکان نـاوێکی تری هەبوو ئەویش (نیبور) واتە ناولێنانێکی نوێیە لەیادی جوودیی کەشتییەکە).

لـەم نموونەیـەدا زانسـت شـوێن پێـی خـۆی لـە چـیرۆکێکی قورئانـدا کـردەوە، بـەڵام بـەناوی عەقڵـەوە گومـان لـە قورئـانو چیرۆکەکانی دۆزرایەوەو خوێنرایەوە وتیان تەورات چیرۆکی لافاوەکەی لەو داسـتانە وەرگرتـووەو ڕەنگـە لافاوێـك ڕوویـدابێت بەڵام بەئەکیدی تەوراتو قورئان کتێبی ئاسمانی نـین، بـەلای کەمیشـەوە قورئـان ئاسمـانی نییـە. دوای ئـەوەش بینییـان کـە

باسی لافاوەکە لای هیندییەکانی کیشوەری ئەمەریکاشدا هەیە کە ناکرێت لە عیراقەوە ئەو چیرۆکەیان بۆ چووبێت، کەواتە لافاوێك هەبووە، بەڵام هێشتا کتێبەکان ئاسمانی نین.

ئەو بیرکردنەوەیەی گوایە عەقڵییە نەیزانی کە تەنها نیوەی عەقڵی بەکارهێناوە. ئەو نیو عەقڵە تەنها یەك ئیحتمالی وەرگرتووەو ئەوەی تری پشتگوێ خستووە. ئیحتماله پشتگوێخراوەکە ئەوەیە: ئەی بۆچی ڕووداوەکە ڕاست نەبێتو بۆچی هەریەك لە قورئانو تەورات لە یەك سەرچاوەی ئاسمانییەوە چیرۆکەکەیان وەرنەگرتبێت؟ بەڵام نیوە عەقڵەکە وا ناڵێت بەڵکو خۆی دەخاتە ناو بازنەیەکی داخراوەوە: سەرەتا لەدڵی خۆیدا بڕیاری داوە کە ئەو کتێبانە ئاسمانی نین، دوایی بیر دەکاتەوە: بۆچی هەمان چیرۆك (ئەگەرچیش بەجیاوازیی زۆرەوە) لەو دوو کتێبەو لە داستانی گیلگامێشدا هەیە؟ کەواتە تەورات لە داستانەکە وەریگرتووە، قورئانیش لە تەورات، کەواتە دوو کتێبەکە ئاسمانی نین!! بەڵام عەقڵی تەواو دەڵێت کە ئەوە تەنها لەسەددا پەنجای ئیحتمالەکانە، واتە ئەو بۆچوونە نیوەی یەکی تەواوی دەستکەوت، نیوەکەی تریش بۆ بۆچوونەکەی ترە: دەکرێت دوو کتێبەکە چیرۆکەکەیان لە یەك سەرچاوەی هاوبەشی ئاسمانییەوە بۆ هاتبێت.

بێباوەڕی نوێ لەهەندێ حاڵەتدا ئەو نیوەشی بۆ نامێنێتەوە. چیرۆکێك کافرە کۆنەکان نەیاندەتوانی بەدرۆی بخەنەوە چیرۆکی فیلەکەی حەبەشە بوو، فیلەکەو ئەو باڵندانەی خودا بۆ لەناوبردنی سوپاکە ناردبوونی. ڕووداوەکە لەسەردەمی ئەوانەدا بووە بۆیە ناڕەزاییان لە سوورەتی (ئەلفیل)ی دەرنەبڕیوە، ناڕەزاییشیان دەربڕیایە قورئان وەکو هەموو ڕەخنەکانی تریان باسی دەکرد. کافرە نوێکانیش کە بیر ناکەنەوە لە نەبوونی ڕەخنەی کافرەکانی مەککە لەو چیرۆکە دەیسەلمێنن کە عەقڵیان لەم مەسەلەیەدا لە پلەی سفری سەدیدایە. وەك وتم ئەو ڕووداوە لەسەردەمی موشریکەکانی مەککەدا بووەو خۆیان بینیویانە، بەڵکو باشتریش لە پێغەمبەر، کە لەو ساڵەدا لەدایك ببوو، ئەو چیرۆکەیان دەزانی. ڕەنگە کافرەکان تۆمەتی ئەوەیان خستبێتە پاڵ پێغەمبەر کە ئەو ڕووداوەی بۆ ((ئەجندە)) تەوحیدییەکەی بەکارهێناوە.

## کتێبێك بۆ میللەتان

چیرۆك لایەنی مێژوویی لە مێشك مرۆڤدا بەهێز دەکات، یەکێکیش لە هۆکارەکانی تێکشکانی کەسێتیی میللەتانی لاواز ئەوەیە تەماشای ئێستا دەکەنو وا دەزانن ئەم ئێستایە کە لاوازیی خۆیانەو بەهێزیی ئەوانی ترە واقعێکە تا هەتا دەسەپێت، میللەتیش وا بیربکاتەوە ناتوانێت گەشبینانە بیر لە دواڕۆژیش بکاتەوە.

چیرۆکی مووساو گەلەکەی وەکو چیا وانەی تێدایە کە یەکێکیان بۆ کورد گرنگە: چی میللەت کۆیلە دەکاتو چی لە کۆیلێتی ڕزگاری دەکات. خودا موسای بۆ گەلەکەی نارد تا لە کۆیلێتیی فیرعەون ڕزگاریان بکات، خوا مەبەستی خۆی بەیان دەکات: ((دەمەوێت چاکە لەگەڵ ئەوانەدا بکەم کە بە بێهێز تەماشاکراونو بیانکەمە پێشەواو بیانکەمە میراتگر، دەسەڵاتیشیان لە زەویدا بدەمێ و ئەو شتە لەو میللەتە پیشانی فیرعەونو هامانو سەربازەکانیان بدەم کە لێی دەترسان–القصص: 5–6)).

وانەیەکە بۆ ئێمە کە کۆیلێتی قەدەرێکی ئەزەلی نییە، کەس قەدەر نازانێت بۆیە میللەت تەنها کۆششی لەسەرە. ئایا کوردی ئەم ساتەمان پاش ژێردەستەیی فیرعەونی عیراقو هامانەکەی (=عەلی کیمایی) دەسەڵاتی دەستنەکەوتووە؟ ئایا نەبووە بە یەکێك لەوانەی میراتیی عیراقیان بۆ ماوەتەوە؟ ئایا کورد بەو لاوازیی خۆیەوە لە ساتێکدا نەببوو بە مەترسی بۆ سەددامو عەلی کیماییو سەربازەکانیان؟ خواش ئەوەی پیشان نەدان کە لێی دەترسان؟

بەڵام هەر چیرۆکی مووساو ئیسرائیلییەکانە پێمان دەڵێت کەوا ئیسرائیلییەکان پاش ڕزگاری زوڵمیان کرد بۆیە پێویستە کورد ئاگای لە زوڵم بێت.

ئەگەر بەشێکی چیرۆکی ئیسرائیلییەکانیش تەواو بکەین دەڵێین کە مێژووەکەیان پڕ لە سەرپێچی لە فەرمانەکانی مووساو خواکەی بوو، دوای ئەویش سەرپێچی لە فەرمانەکانی باقی پێغەمبەرانیان، زنجیرەیەك بوو لە ئاڵۆزکردنی ژیانی خۆیان،

زنجیرەیەك لە بوهتان بۆ خەڵكو بەتایبەت بۆ پێغەمبەرانیان تا گەیشتە ئەوەی بەو رەفتارە ژیانی خۆیان ژەهراوی بكەن. كورد زۆر جیاوازە لە جوولەكە، بەڵكو هێندە جیاوازە بۆتە پێچەوانەی جوولەكە بەڵام كورد دەتوانێت سوود لە وانەكانی ئەوان وەربگرێت تا هەمان هەڵەكانی ئەوان دووبارە نەكاتەوە، ئەوەشە گرنگترین سوودی چیرۆك بەڵام بەداخەوە نەك تەنها سوود لە چیرۆكەكانی قورئان وەرنەگیراوە بەڵكو لەوەش خراپتر كورد سوودی لە مێژووی خۆشی وەرنەگرتووە.

## چەند چیرۆكێكی تریش بەكورتی

چەند بەهێز بی ئەوەندەش ئاگات لەخۆت بێت لەخۆت بایی نەبی: باسی وانەیەكی چیرۆكی (ذو القرنین)م كرد، وانەیەكی تر هەیە، ئەمجارە بۆ دەسەڵاتداران. ئەو كەسەی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاواوەو بەپێچەوانەوە گەشتی كردبووو دەسەڵاتێكی مەزنی هەبوو نموونەیەك بوو بۆ فەرمانڕەوایەك خۆی بەگەورە نازانێت. سولەیمان نموونەیەكی تر بوو. ئەو دەسەڵاتەی هەیبوو تووشی لەخۆبایی بوونی نەكردبوو بەڵكو داوای لە خوای خۆی دەكرد یارمەتیی بدات سوپاسی نیعمەتەكەی بكات. ئەوانە هەبوونو ئەو گەلانەش هەبوون كە بە پێغەمبەرانیان دەوت: كێ لە ئێمە بەهێزترە.

چەندیش زانا بی بزانە كە لە تۆ زاناتر هەیە: چیرۆكی مووساو ئەو پیاوەش هەیە كە نازانین ئایا پێغەمبەر بووە یان تەنها خواناسێك بووەو فەرموودە پێی دەڵێت (الخضر). فەرموودەیەك باسی ئەو پرسیارە دەكات كە لە مووسا كرابوو: كێ زاناترین كەسە؟ لەجیاتی ئەوەش بڵێت (خوا) وتی (خۆم)، خواش فەرمانی پێدا بچێتە لای ئەو پیاوە كە لە (خۆی) واتە لە مووسا زاناترە. لێرەوە قورئان باسی دەكات چۆن پیاوەكە بە مووسای وت كە ناتوانێت خۆی ڕابگرێتو ئەو شتانەی دەیانبینێت لای سەیر دەبن. چیرۆكەكە درێژەو كورتەكەی ئەوەیە پیاوەكە سێ شتی زۆر سەیری كرد: زیانی بە پاپۆڕی ئەو كەسانە گەیاند كە بێ پارە سواریان كردبوون، ئینجا بەبێ هۆی مێردمنداڵێكی كوشت، دوایش لە شارێكدا داوای خواردنیان كرد بەڵام كەس میوانداریی نەكردن، هەر لەو شارەشدا دیوارێك دەبینن خەریكە دەڕووخێت پیاوەكەش بێ بەرامبەر چاكی دەكاتەوە. مووسا پاش هەر یەكێك لەو ئیشە سەیرانە ناڕەزایی دەردەبڕێت. لەدوای ئەو سێ ڕووداوەش پیاوەكە لێی جیا دەبێتەوە بەڵام پاش ئەوەی نهێنیی ئەو ئیشانەی بۆ ڕوونكردەوە.

خاوەن باوەڕی؟ كەواتە دەبێت بەهێز بی: بەپێی تەورات ئیبراهیم لە (ئور)ی كلدانییەكاندا بوو، واتە باشووری عیراق (بەڵام كلدانییەكان دوای نزیكی هەشت سەدە گەیشتنە ئەوێ). بەمجۆرە ئیبراهیم نەك تەنها تەنیا بوو بەڵكو هەروەها دژ بە كەلتوورێكی دووردرێژی بتەپەرستی بوو. ئیبراهیم بتەكانی شكاند ئەی بتە نوێكان كێ دەیانشكێنێت؟ زۆربە مەراییان بۆ دەكەن، چیرۆكەكەش بێ ئاوڕدانەوەی پێویست تێدەپەڕێت.

كوشتنی یەك مرۆڤ وەكو كوشتنی هەموو مرۆڤایەتییە: چیرۆكی دوو كوڕەكەی ئادەم (قورئان ناڵێت ناویان قابیلو هابیل بوو) دووبارەبوونەوەی بەسەرهاتی ئادەمو شەیتان بوو: ئادەم شكۆمەند كرا شەیتانیش حەسوودیی پێ برد، ئەو حەسوودییەش فڕێیدایە خوارەوە. كوڕەكەی ئادەمیش كە بینی قوربانییەكەی براكەی قبووڵ كراو ئەوەی خۆی قبووڵ نەكرا حەسوودیی پێ بردو كوشتی، ئەویش وەكو شەیتان كەوت.. ئەوە دووبارەبوونەوەی كەوتن، ئەی كوا دووبارەبوونەوەی شكۆمەندكردنی مرۆڤ؟ قورئان پاش چیرۆكەكە ئەو بنەمایە ڕادەگەیەنێت: هەر كەسێك كەسێك بكوژێت وەكو ئەوەیە هەموو مرۆڤەكانی كوشتبێت، هەر كەسێكیش مرۆڤێك زیندوو بكاتەوە (= لەمردن ڕزگاری بكات) وەكو ئەوەیە هەموو مرۆڤەكانی زیندوو كردبێتەوە(المائدە: 32).

با كۆتاییەكەی هەر بۆ كورد بێت: لاوازەكان دەتوانن بەهێز بنو سەربكەون: زۆربەی شوێنكەوتووانی پێغەمبەران، ئەوانەش كە شوێنی پێغەمبەری ئیسلام كەوتبوون، كەسانێكی هەژار بوون، كەسانێك بوون پایەیەكی كۆمەڵایەتیی بەرزیان نەبوو، ڕەخنەیەكی بێباوەڕانیش ئەوە بوو: ئەی ئەو كەسەی دەڵێی پێغەمبەری خوای خاوەن هەموو جیهانەكانم: ئەوەتا دەبینین

لاوازو هەژارو بێدەسەڵاتەکان شوێنت کەوتوون. ئەوە ڕەخنەکەیان بوو بەڵام ئەو هەژارانە لای خوا بەرز بوون، بەرزتر لە بێباوەڕە پایەدارو دەوڵەمەندەکان. پێغەمبەران لەگەڵ شوێنکەوتەکانیان خۆڕاگر بوون، گوێیان نەدایە تانەو تەشەر، لەکۆتاییشدا ئەوان بردیانەوە. کەواتە ئەگەرچی کورد ئەمڕۆ بێهێزە، دوژمنی زۆرە، گاڵتەی پێدەکرێت، بەڵام دەتوانێت پێچەوانەی هەموو ئەوانە بێت. باوەڕێکی پتەو، کارکردنی بەردەوام، لێبڕان بۆ قەزییەکەی.. ئەو هێزە دەروونییانەو هاوچەشنەکانیان بەسن بۆ ورەدان بەم گەلە بێهێزە.

هەموو باسەکانی سەرەوە بریتی نەبوون لە هەموو باسە پێویستەکانی سەبارەت بە چیرۆکەکانی قورئان. ئەوانە دڵۆپێکی ناو دەریان، بەڵام دەرفەتەکە هەر ئەمەندەیە. لەناو چیرۆکەکانیشدا هەموو شتێك دەدۆزینەوە: عەقڵ، زانست، زانیاریی گشتی، بەڵام لەهەموویان گرنگتر فەلسەفەیەك بۆ ژیان کە وەکو بیناکردنی خانوویەك دەخاتە سەر پێ: قورئان بەشێوەیەکی گشتی کتێبێکە بۆ ژیان، چیرۆکەکانیش بە نموونەی بەرجەستە ئەو فەلسەفەی ژیانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، پاش ئەوەش با فەلسەفاندنی بێتامو هێنانو بردنی لێکدانەوە ((گیرفانییەکان))و بۆچوونە بێبناغەکان بۆ خاوەنەکانیان بن. فەلسەفەی مردوو پیرۆزی ئەو کەسە بێت کە حەزی لێیەتی.